قیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو (ڕووبارى) فورات وشک دەبێتەوە وشاخێک لە ئاڵتون دەردەخات کە کوشتارى لەسەر دەکرێت، ولە هەر سەد کەسێک نەوەد ونۆیان دەکوژرێن

لە ئەبى هورەیرەوە -ڕەزاى خواى لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «قیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو (ڕووبارى) فورات وشکدەبێتەوە (دەکشێتەوە) وشاخێک لە ئاڵتون دەردەخات کە کوشتارى لەسەر دەکرێت، ولە هەر سەد کەسێک نەوەد ونۆیان دەکوژرێن، هەموو پیاوێک دەڵێت: لەوەیە من ئەو کەسە بم کە ڕزگارم دەبێت». ولە گێڕانەوەیەکدا: «نزیکە لەوەى کە (ڕووبارى) فورات وشک بێتەوە وگەنجینەیەک لە ئاڵتون دەربخات، هەرکەسێک ئامادەیە لەو ڕووداوەدا (دەژێت لەو ماوەیەدا) با هیچ شتێکى لێ نەبات (هیچ شتێک لە شاخ یان گەنجینە ئاڵتونیەکە نەبات)».

[صەحیحە] [بوخارى و موسلیم هاوڕان لەسەرى]

پێغەمبەر -صلى الله علیه وسلم- باسى ئەوە دەکات کە لە سەردەمى نزیکبوونەوەى ڕوودانى قیامەت ڕووبارى فورات وشکدەبێتەوە وشاخێک یان گەنجینەیەک لە ئاڵتون دەردەخات واتا ئاڵتونەکە وەکو شاخێک دەردەکەوێت (لە گەورەییدا)، وخەڵکى لەسەر ئەم شاخە یان گەنجینە ئاڵتونە کوشتارى دەکەن وئەمیش فیتنە وتاقیکردنەوەیەکە تووشى خەڵکى ئەو سەردەمە دەبێت، وپاشان پێغەمبەر -صلى الله علیه وسلم- نەهى لێمان کرد لەوەى هیچ شتێکى لێ ببەین بۆ کەسێک لەوێ ئامادە بوو (یان لەو سەردەمە زیندوو بوو) چونکە هیچ کەسێک ڕزگارى نابێت، ولەوەیە هەندێک کەس ئەم فەرموودەیە بزانێت لەو سەردەمەدا وبۆ بەرژەوەندى خۆى لێکدانەوەیەکى ترى بۆ بکات بۆ ئەوەى ڕێگا بە خۆى بدات کە لە ئاڵتونەکە ببات، پەنا بە خودا دەگرین لە فیتنە وتاقیکردنەوەکان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3115